# مـــــــــیتۆدی نـــــــــوسینەوەی

# مێژوو لەلایەن نووسەرەئەوروپییەکانی سەردەمی هەلمەتەکان خاچ هەڵگران

احمد رضا احمد بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: ahmed.mejw@uor.edu.krd
سۆزان فیصل عبدالرحمان بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
ئیمەیڵ: sozan.ranya.history@gmail.com

## پێشەکی:-

بەشێک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر گوشاری هەڵمەتە یەک لە دوایەکەکانی ئەوروپی دابوون ، بە ڕادەیەک ئەو هەڵمەتانە لە میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی ئەوروپیەکان لەو سەردەمە یاخود دواتر ڕەنگدانەوەی هەبوو.

یەکێک لە دیاردە ڕونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەرکەوتنی پۆلێک مێژوونوسی ناودار ە کە خاوەن ڕوانین و لێکدانەوەی تایبەت بوونە بۆ ڕوداوەکانی مێژوو بەتایبەتی لەسەردەمی خاچ هەڵگران کە ئەوروپیەکان دژی موسڵمانەکان لە میسڕ و شام بەرپایان کرد،لە سەروبەندی ئەو لە شکرکێشیانەدا چەندین مێژوونوس و شایەتحاڵی ناودار دەرکەوتن کە نوسینەکانیان بونە جێی بایەخی لێکۆڵەران و بە نوسینەکانیان بە شێکی گرنگی ئەو ڕوداوانەیان بۆ خوێنەرەکانی نەوەکانی دوای خۆیان بووە جێگای سەرنج و تێرامان، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر میتۆدی ئەو مێژوونوسانە و وردەکاری هزر و ڕاکانیان و گرنگی و ڕاستگۆیی و بێلایەنیان و لایەنگریان وەک مێژوونوس بخرێتە ڕوو.

ئەم توێژینەوەیە بۆ چوار باس دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا تیشک خراوەتە سەر ڕەوشی میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی ئەوروپیەکان لەسەردەمی هەڵمەت خاچی لە باسی دووەمدا ئاماژە کراوە بە میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی لە لای مێژوونوسە ئەوروپیەکان لە سەردەمی هەڵمەتی یەکەم تاوەکو چوارەمی خاچی، لە باسی سێیەمدا تیشک خراوەتە سەر میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی لەلای مێژوونوسە ئەوروپییەکان لەسەردەمی هەڵمەتی چوارەم تاوەکو حەوتەمی خاچی، لە باسی چوارەمدا تیشک خراوەتە سەر میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی لەلای مێژوونوسە ئەوروپییەکان لەسەردەمی هەڵمەتی حەوتەمی خاچی.

**کلیلە ووشەکان:** میتۆد، مێژوونووسان، بەراوردکاری، بەرهەمە نووسراوەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی یەكەم

## میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی ئەوروپییەكان لەسەردەمی هەڵمەتی خاچ هەڵگران:

هەڵمەتی خاچ هەڵگران بە یەكێك لە گرنگترین ڕووداوە گەورەكان دادەنرێت، كاریگەریی لەسەر ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە (الحویری، منهج ، ص ٧٨)، ئەم ماوەیە لەو كاتەوە دەست پێدەكات، كە خاچ هەڵگران لە سەدەی پێنجەمی كۆچی/یازدەی زایینی هێرش دەكەنە سەر جیهانی ئیسلامی، بەدیاریكراویش لەساڵی (٤٨٧ك/١٠٩٥ز) و لە كۆبوونەوەی (دێر كلۆونی) كە پاپا ئۆربانی دووەم(٤٨٠-٤٩٢ك/١٠٨٨-١٠٩٩ز)بڕیاری هەڵمەتی خاچ هەڵگرانیەكانی بۆ سەر موسڵمانانڕاگەیاند، لێرەوە هەتا نزیكەی دوو سەدەی دواتر، ڕۆژئاواییەكان چەند هەڵمەتی جیاجیایان كردە سەر جیهانی ڕۆژهەڵات(المطوی، ١٩٨٢م، ص٣٤)، سەرەڕای لایەنە خراپەكانی ئەو شەڕە لە لایەكەوە، بەڵام لە لایەكی ترەوە كاریگەریی مەزنی لەسەر بیركردنەوەی ئەوروپییەكان لە تەواوی لایەنەكانەوە هەبوو(سامان ٢٠١٣ز، ل٢٨٣)، لەبەرئەوەی ئەو هەڵمەتە تەنها ململانێی سەربازیی نەبوو، بەڵكو پێكدادانی دوو شارستانییەتی جیاواز بوو، كە ئەوسا ڕۆژهەڵات لە لوتكەی پێشكەوتن دابوو(الشارتری، ٢٠٠١م، ص٥).

لێرەدا هاوكات لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەكاندا زیاتر بە ڕۆژهەڵات و بەرهەم و بیرە پێشكەوتوەكانی ئاشنا دەبن، بەشێكی زۆر لە بیریار و زانایانی ڕۆژئاوا بۆ پڕكردنەوەی كەلێنە فكری و زانستییەكانی ڕۆژئاوا و فەراهەمكردنی پێداویستییەكانیان بو ئەو مەبەستە ڕوویان كردە ناوچەكانی ڕۆژهەڵات و بە بیر و فەلسەفە و كلتوری ڕۆژهەڵات ئاشنابوون . تەنانەت بە ڕادەیەكی زۆر پێی كاریگەر بوون، بەشێكی زۆری ئەم بەرهەمانە خرایە سەر زمانی لاتینی(خطیب، ٢٠٠٦، ص٢٠٨)، لەبەرئەوەی موسڵمانەكان لە تەواوی بوارەكاندا زۆر پێشكەوتوو بوون، بیركاریزان (خوارەزم ٢٢٠ك/٨٣٥ز)، فەلەكناسی(ئەبوئەلرازی٣١٧ك/٩٣٢ز) و (ئیبن سینا٤٢٨ك/١٠٣٧ز) كە لە بەناوبانگترین زانایانی پزیشكی بوو، (ئیبن ڕوشد٥٩٤ك/١١٩٨ز) لەبواری فەلسەفەدا(**خطیب، ٢٠٠٦، ص٢٠٨)**، هەموو ئەو زانست وبەرهەمانە لەڕێگەی سەقلیە و ئیسپانیا و چونە ناو ئیتالیا و ئەوروپاوە و لەوێشەوە بۆ فەڕەنسا و وڵاتانی تری ئەوروپا دواتریش وەرگێردرانە سەرزمانە جیاوازەكان ،هەروەها لەهەمان كاتدا ژمارەیەكی زۆری خوێندكار بۆ فێربوونی زانست و زمانی عەرەبی ڕوویان كردە (پالێرمۆ) لە سەقلیە و تولەیتولە لە ئیسپانیا سەرقاڵی فێربونی تەواوی ئەو زانستانە بوون(توفیق، ٢٠١٣ز، ل ١٥٤،١٥٥).

لەو سەردەمەدا بە ڕەچاوكردنی بارودۆخی ئەوروپا گۆڕانە هەنوكەییەكانی میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی ئەوروپییەكان گۆڕانی بەسەر داهات و چەندین مێژوونوس دەركەوتن و بەو بارودۆخە كاریگەر بوون و بە میتۆدێكی جیاواز بە بەراورد بەمیتۆدی سەردەمانی تر دەیانوسی، بۆیە لە سەدەی پێنجەمی كۆچی /یازدە ی زایینی بە دواوە، چالاكی نوسینەوەی مێژوویی بەرەو زیادبوون چوو، ژمارەی ئەو قەشانە لە زیادبوون دابوون كە لەبارەی نوسینەوە مێژووییەكان دەیاننووسی، هەروەها پەرتوك و ژیاننامە و چالاكییەكانیان زیادی كرد، بە جۆرێك گرنگی پێدانەكانیان تەنها لەسەر كاروباری ناوچەیی كورت نەبووبۆوە. بەڵكو هەموو ئەو بابەتانەی سەدەكانی ناوەڕاست لە بارەی جیهانی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کۆن پاشخانی کردبوو، بەرەو جێگربوون چوو، بەمەش شێوازێکی نوێی جیا لە شێوازی کۆن لەدایک بوو، کە نەریتی کۆنی تێدا نەما(**سمالی، ١٩٨٤م.ص٨٨**).

واتە هەلمەتی خاچ هەڵگران کاریگەریی لەسەر نوسینەوەی مێژوویی هەبوو، ئەویش لەڕووی ئازادبوونیان لە کۆت و بەندی کۆن، هەروەها ئەو شەڕانەی کە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست بە خۆیەوە بینیبووی، هیچ جۆرە بەرهەمێکی نەبوو بە بەراورد بە هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران، بۆیە لەسەر مێژوونوسی جەنگی خاچ هەڵگران پێویست بوو بە شێوازێکی تایبەت بنووسێت، ئەوەش وایکرد نوسینە مێژووییەکانیان کەمتر ڕۆتینی بوون، بەڵکو زیاتر بەرهەمی خۆکردی مێژوونوسان بوو، بۆیە لێرەوە هاندانی نوسین زیاتر بوو، بەهۆی فراوانی لە بواری ئەو جۆرە نوسینەدا، ئەو مێژوونوسانەی کە لەناوچە سەربازییەکاندا دەژیان ئەزمونی نوێیان بەدەست هێنا و بە دوو شارستانییەتی جیاواز ئاشنا بوون کەئەویش ئەوروپی ڕۆژئاوایی وئیسلامی ڕۆژهەلاتی بوو (سمالی، ١٩٨٤م.ص129).

هەڵمەتی خاچ هەڵگران پەرتوکی نا ئاینییەکان و دانراوی مێژوویی نیشتیمانی بەرهەمهێنا، هەروەها وێژەی نا ئاینی گۆڕانکاری بەسەردا هات و شێوازی نوێی نوسینەوەی مێژوویی لە زۆر لایەنەوە جیاواز بوو لە مێژوویی لاتینی کەنەسی باو، لەهەمان کاتدا ئەو شێوازە نوێیە لە داستانی نیشتیمانی بەدوور بوو، یان ئەوەی ناسرابوو بەناویChanson de geste لەبەرئەوەی ئەو داستانانە پێکهاتبوو لە چیرۆکی خەیاڵی، لەکاتێکدا مێژوویی خاچ هەڵگران دەبوایە بەڕاستییە مێژووییەکان دەست پێبکەن(سمالی، ١٩٨٤م.ص120).

لە کاریگەرییەکانی تری لەسەر نوسینەوەی مێژوویی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەراست، ئەوە بوو لە کاتێکدا مێژوونوسە ئەوروپییەکان هەتا ئەو کاتە دیلی شێوازی کۆن بوون، کە لە ڕۆمانەوە بەجێمابوو، یان فەلسەفەی مەسیحیی کاسۆلیکی سەپاندبووی و شەڕی خاچ هەڵگران هاتوو ئازادی کردن لەم دیلیایەتییە، بۆیە نوێکارییەکی مێژوویی مەزن بوو لە شارستانییەتی ئەوروپاییدا، بە چالاک و هەمەلایەنی کاریگەر ناسرابوو، بە جۆرێک لە پێشوودا نمونەی نەبووە لە مێژوویی ئەوروپا یان لەو بچێت، ئەمە وایکرد هەموو مێژوونوسێک لە مێژوونوسەکانی هەڵمەتی خاچ هەڵگران چیرۆکەکەی بەشێوازێکی تایبەت بنووسێت(قاسم، ٢٠١٣م، ص١٨٨).

جگە لەمانەش بەهۆی کرانەوەیان بە ڕووی ڕۆژهەڵاتدا، بۆیە لەسەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاینی ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان بەردەوام بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووریدا، لە ئەنجامدا شارەکان گەشەیان کرد و لەلایەکی ترەوە بارودۆخی گوزەرانیان باشتربوو، و بزووتنەوەی ئایینی و نا ئاینی لە گەشەکردن دابوو(سمالی، ١٩٨٤م.ص120)، ئەو گەشەکردنانە ئەوروپای لە ناوچەیەکی داخراوەوە گۆڕی بۆ ناوچەیەک کە پشت بە بازرگانی و ئابووری نەختێنەی ببەستێت(الشارتری، ٢٠٠١م، ص٥).

لە وەها بارودۆخێکدا زاناکان و مێژوونوسانی ئەو کاتە نەیاندەتوانی لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانەدا چاوەکانیان دابخەن، ئەمەش وایکرد ڕەنگدانەوەی لە سەر میتۆدی نوسینەوەی مێژووییان هەبێت(**سمالی،** ١٩٨٤م.ص100،101-)،

لەوانەش ئوردریک ڤیتالیس OrdericVitalis[1]، لە نوسینەکانی دا گرنگی زۆری بە مێژووی کەنیسە داوە و ڕووداوەکانی مێژووی ناوچەیی دەگرتەوە و بیری مێژوویی رەنگیدابۆوە (سمالی، ١٩٨٤م.ص93).

ولیام مالمسبووری William of Malmesbury گرنگی بە نوسینەوەی ڕوداوە هەنوکەییەکانی هاوسەردەمی داوە و وەکو مێژوونوسێک بە هەستێکی ڕەخنەییانە لە ڕوداوەکانی ڕوانیوە، هەوڵیداوە پاڵنەری ناوەکی لە پشت ڕووداوەکان دەربخات و دواتر بەراوردی بە پاڵنەرە دەرەکییەکان کرووە، بۆ ئەمەش هۆکاری هێرشی پاپائۆربانی دووەمی بۆ هۆکاری ئابووری دەگەڕاندەوە، پێی وابوو کە پاپا دەیویست لەو ڕێگایەوە زەوییەکانی لە ئیتاڵیا بگەڕێنێتەوە، لەلایەکی ترەوە جیاکاریی لەنێوان مێژووی ئاینی پیرۆز و دنیایی کرد و ئەوەش بە نوسینە مێژووییەکەی، وەکو کاری ئەسقەفەکان (أعمال الأساقفة) و پاشاکان(أعمال الملوک) (سمالی، ١٩٨٤م.ص96،95).

ئەو مێژوونوسانەی لەبارەی چیرۆکی هەڵمەتی خاچ هەڵگرانان دەنووسی ئەزمونی نوێیان لەلا چەسپا، لەبەرئەوەی لەو بارودۆخەدا توانیان بە دوو شارستانییەتی نزیک بەیەک لە بارودۆخی پێکدادان و کارلێکردو و ئاڵوگۆڕدابوو ئاشنابن، لەبەرئەوەی شەڕەکانی خاچ هەڵگران بەیەکداچوو و درێژخایەن بوو، بۆیە بوارێکی باشی لە بەردەم ئەوروپییەکان ڕەخساند، بۆ زانینی بابەتە ڕاستییە مێژووییەکان لەسەر زەوی دوور لە بانگەشەی کەنەسی سەرکێش(قاسم، ٢٠١٣م، ص ١٨٨،١٨٩).

بەهۆی ئەوەی هەڵمەتەکان پاڵنەر و هاندەر بوون، گەرم و گوڕییەکی بەگۆڕەپانی نوسینەوەی مێژوویی زیاتر کرد، لێرەوە ژمارەیەکی زۆری مێژوونوس دەرکەوتن، بەشێکی زۆریان لە پیاوانی ئایینی بوون(قاسم، ٢٠١٣م، ص١٨٩؛ قاسم، ٢٠٠١م، ، ص٢١)، لەکاتێکدا مێژوونوسەکان یاوەری هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگرانان لە ناوچە جیاوازەکانی ئەوروپادا دەکرد، بەشێکی تریان لە فەرەنجەکان بوون، کە پەرتوک و یاداشتیان دەنووسی، ڕووداوەکانی ئەو هەڵمەتانەیان تۆمار دەکرد و، لەگەڵ هەندێک لە بینینی ڕووداوەکان و ڕێکخستنە تایبەتییەکانی خۆیان و، ئەو ڕووداوانەی لە نێوان ڕاستی وخەیاڵ دا کۆبۆتەوە(الربیعي، ١٩٩٤م، ص٦٧).

هەندێکی تریان پێکهاتبوو لە زۆرێک لە چیرۆک و هۆنراوە، شێوازی ئەو پەرتوکانەش کە مێژوونوسە ئەوروپییەکان پێی گەیشتبوون، ئەوانەی لەبارەی هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران و ڕووداوی تری مێژوویی نووسیبوویان، بووە هۆی دەرکەوتنی بزووتنەوەیەک لە ئەوروپا لەبارەی نوسینەوەی مێژوویی لەسەر شێوازێک بوو کە نمونەی لە مێژوودا کەم بووە(الربیعي، ١٩٩٤م، ص٦٧).

---

[1] لەسالی (٤٦٧ک/١٠٧٥ز)لە باوکێکی فەرەنسی یان نورماندی و لەدایکێکی ئینگلیز لەدایک بووە، قەشە بووە لە دێر سان ئەفرولSt.Evroul لە نۆرماندو مالسبووری ؛(سمالی، ١٩٨٤م.ص100).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی دووەم

## میتۆدی مێژوونووسە ئەوروپییەکان لەماوەی هەڵمەتی یەکەم تاکوچوارەمی خاچ هەڵگران :-

یەکێک لەو هاوڵاتییەی کە لەبارەی هەڵمەتی یەکەمی خاچ هەڵگران نوسیویەتی و یەکێکیشە لەوانەی بەشداری تێدا کردوە ئەو نوسەرە نادیارەیە(مؤلف المجهول) کەپەرتوکێکی بۆ بەجێ هێشتووین، بە ناونیشانی کارەکانی فەرنجەکان و حاجیەکانی بەیتولمەقدیس(أعمال الفرنجة وحجاج بيت المقدس الآخرين)( قاسم عبده قاسم، الحملة ، ص٢٧). ئەم پەرتوکەش یەکەم دانراوی مێژوویی بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پیاوێکی نائاینی بینوسێت، هەر لەو ماوەیەی ئینهارد پەرتوکی ژیاننامەی شارلەمانی لە سەدەکانی ناوەراستدا نوسیبوو، نوسەرە نادیارەکە یەکێکە لە شایەتحاڵی ڕووداوەکان، سەرکردایەتی ئەو لیوایەی دەکرد کە بوهیموندی نۆرمانی ڕێکیخستبوو پاشان ئەزمونی خۆی لە هەڵمەتەکەدا گێڕاوەتەوە هەر لەسەرەتاوە هەتاوەکو دەست بەسەرداگرتنی بەیتو لمەقدیس، نوسەر لە ڕووداوی سەرکەوتنی خاچ هەڵگرانە فەڕەنجەکان بە سەر موسڵمانەکاندا لە نزیک عەسقەلان لەساڵی(٤٩٢ک/١٠٩٩ز) گێڕاوەتەوە، لە وانەشە ڕاستەوخۆ لە دوای ئەم ڕووداوەوە مرد بێت(سمالی، ١٩٨٤م.ص129- قاسم، ٢٠١٣م، ص ١٨٩،١٩٠).

بەو پێیەی بە یەکێک لە سەرچاوەیەکەمینەکان لە مێژوویی هەڵمەتی یەکەمی خاچ هەڵگران دادەنرێت، لە شێوازی خۆیدا لێهاتوو بوو، لە کاتێکدا پێیوابوو شێوازێکی نارێک لە پەرتوکەکانی کەنیسەدا بەدی دەکرێت، تێڕوانینی ئەو بە چەشنێک بوو، دەبێت شێوازەکەی دابڕێژرێتەوە، بۆیە یەکەم کەس بووە ڕووبەڕووی پەرتوکی مێژوویی نەریتی کۆنی ئەوروپایی بۆتەوە، نوسەرە نادیارەکە پەرتوکەکەی بۆ دە بەش دابەش کردوە و لە چیرۆکی هەڵمەتی یەکەمی خاچ هەڵگران پێک هاتووە، بە درێژایی چیرۆکەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی دەکرد، بە بێ پێشەکی و پۆزش هێنانەوەی کە مێژوونوسەکانی ئەوروپای سەدەکانی ناوەراست پێیدا تێدەپەڕین، سەرەڕای شاردنەوەی لە پشت ئامانجی ئاینی بەناو هەڵمەتی خاچ هەڵگران، لەکاتێکدا نوسەری نادیار باسکردنێکی زیندووی شەڕە سەربازییەکانمان پێدەدات، لە میتۆدی مێژووەکەی بەجۆرێک تێدەگەین، زیاتر لە پەرتوکی کەنیسەی باشتر بووە، گرینگترین شت لەو پەرتوکەدا ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی ئەو سەربازەمان بۆ دەگوازێتەوە کە لە ژێر بەیداخی خاچ هەڵگران دژی دوژمنە بێ بڕواکان کە شایەنی مردنن دەجەنگێت، لە دوژمنەکانی مەسیحی (هەرتەقە)لە بیزەنتییەکان و مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات، لەلایەکی ترەوە نوسەری نادیار بە ڕونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەڵمەتی خاچ هەڵگران کارێکی داخراو و بوو لە ئامانجدا هەوڵی داوە لە ژێر یەک هۆکار و پاڵنەر شی بکاتەوە(یوسف، ١٩٨١م، ص٤٣).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

فۆشیە شارتەری (١١٥١ك/١١١٨ز) Fucher de Chartres[2]، پەرتوكێكی بە ناونیشانی ((أعمال الفرنجة GestaFrancorumIherusalemPeregrinatium، (Fulucher of Charters, 1969) داناوە لە بارەی ماوەی سالانی (٤٨٨–٥٢٠ك/١٠٩٥–١١٢٧ز) دەدوێت(الربيعي، ١٩٩٤م، ص٦٨).

یەكێكە لەو مێژوونوسە لاتینییەی كە بە درێژی لەسەر هەڵمەتی خاچ هەڵگرانی نوسیوە، بەڵام پەرتوكەكەی تایبەتمەندە بە نیشتەجێبوونی خاچ هەڵگران هەتا ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٧ز)، ئەو مێژووەی كە فۆشیە نوسیویەتی تاكە نوسینە شوێنی نیشتەجێ بوونی خاچ هەڵگرانی دیاریكردووە، هەموو ئەو ماوەیە دەشارێتەوە كە لەدوای هەڵمەتی یەكەمی خاچ هەڵگران هاتووە، پەرتوكەكەی فۆشیە گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی بینەری ڕووداوەكان بووە و، ماوەیەكی زۆر لە بەیتولمەقدیس نیشتەجێ بووە و، جگە لەوەی كە لە بلدوینی یەكەم نزیک بووە(الشارتری، ٢٠٠١م، ص ٢٤ـ٢٥).

هەڵمەتی یەكەمی خاچ هەڵگران بەلای فۆشیە شەڕێكی پیرۆز بووە، لەو ڕوانگەیەوە وا دەڕوانێت كە خاچ هەڵگران كۆمەڵێك حاجیین، پارێزگاری لە گۆڕی پیرۆز دەكەن، سەرەرای ئەوەی كە لایەنگیری بە گێڕانەوەكانی دیارە، بەڵام پەرتوكەكەی بە سەرچاوەیەكی مێژوویی گرنگ ماوەتەوە، بە تایبەت لە میتۆدی مێژووییدا، یان لە مێژوویی هەڵمەتی خاچ هەڵگراندا (الشارتری، ٢٠٠١م، ص٥٥)، ناوبراو لە میتۆدی مێژووییدا بە نمونەیەكی بەرچاو دادەنرێت، لەسەر شێوازی پەرتوكی مێژوونوسەكانی پیاوانی كەنیسەی كاسۆلیكی نوسیویەتی، لە مێژوویی هەڵمەتی خاچ هەڵگراندا هەندێك لە ڕووداوەكانی هەڵمەتی یەكەمی خاچ هەڵگران دەردەخات كە پێشتر دەرنەخرابوون، پەرتوكەكەی بە دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی ناودەبرێت، لەلایەكی ترەوە قەدیسەكان و فریشتە و كەسایەتییەكانی پەرتوكی پیرۆز، ڕۆڵێكی گرنگ لەو ڕووداوانەی ئەو دەیگێڕتەوە دەگێڕن (قاسم، ٢٠١٣م، ص١٩٢).

هاوكات لەگەڵ ئەو مێژوونوسانە چەندین مێژوونوسی تر لە بارەی هەڵمەتی خاچ هەڵگرانی یەكەم دەنوسن، لە نمونەی ئەوانەش وەكو مێژوونوسی فەرەنجە ریمون داجیلی،كە پەرتوكێكی هەیە بەناوی مێژوویی فەرەنجەكان و دەستگرتنیان بەسەر بەیتولمەقدیس HistoriaFrancorumQuicepeurm (سعداوی، ١٩٦٢م، ص٦٨).

و هەروەها مێژوونوسی تر ئەلبێرت ناسراو بە بەرت دیكس خاوەنی مێژووی ئۆرشەلیمەChronicomHierosolymatinum، كە بە ڕووداوەكانی ساڵی(٤٨٨ك/١٠٩٥ز) دەست پێدەكات و بەساڵی(٥١٣ك–١١٢٠ز)كۆتایی پێدێنێت و بەسەرچاوەیەكی گرنگ بۆ ئەم هەڵمەتە دادەنرێت(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٦٩)، بەڵام بەترس تودیبوود دو سیفریە Pierre Tudebode de civary، پەرتوكەكەی بەناوی گەشتێك بۆ Historia de

[2] یەكێكە لە مێژوونووسە یەكەمینەكان كە بەشداری هەڵمەتی یەكەمی خاچ هەڵگرانی كردوە، بینەری ڕووداوی داگیركردنی نیقیە بووە، پاشان لەگەڵ بلودین چۆتە ڕەها و بۆتە قەشەی كۆشكەكەی لەدوای دا بلودین گواستویەتەوە بۆ قودس و تا مردنی لەساڵی (٥١١ك/١١١٨ز)لەوێ ماوەتەوە: (یوسف، ١٩٨١م، ص٧ـ٨).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

Hierosalymitina و ڕووداوەکانی نێوان (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) بۆ (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) گێڕاوەتەوە(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٧٠-٧١).

هەرچی مێژوونوسی خاچ هەڵگران بودری دی بورجی گەورە ئەسقەفی دول فلەیە، پەرتوکەکەشی بەناوی مێژوویی ئۆرشەلیم و ئەو مەسیحییانەی بەشداریان لە شەڕەکەدا کردبوو Historia Jerusalem queliker…Cliristaw… expunger emk تێیدا باس لەڕووداوەکانی نێوان سالانی (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) و (٤٩٢ک/١٠٩٩ز) هەرچەندە خۆی بەژداری تێدا نەکردووە، بەڵکو زانیارییەکانی لە شایەتحاڵی ڕووداوەکان وەرگرتوە، وەکو لە مێژوونوسانی تری خاچ هەڵگران کە لەم بارەیەوە دواون لە بەناوبانگترینیان جیبر دو نوجن Guibert de Nogentخاوەنی پەرتوکی مێژوویی ئۆرشەلیم (تاريخ أورشليم)Historiahirosalymitana، باس لە ڕووداوەکانی نێوان سالانی (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) بۆ(٤٩٧ک/١١٠٤ز) دەکات(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٧٢).

لە هەڵمەتی یەکەمی خاچ هەڵگران میتۆدی مێژوونوسان بەجۆرێک بووە، تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی گشتی زیاتر شێوازی دەمارگیری بە نوسەرەکان دیارە، بەلام دوای سەرکەوتنی هەڵمەتەکە و نیشیەجێبوونیان لە خاکی پیرۆز وێنای موسڵمانان لەلای مێژوونوسە خاچ هەڵگران زیاتر لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە (الشارتری، ٢٠٠١م، ص٦). لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاینی و لە ماوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەی زاینی مێژوونوسانێک دەردەکەون کە بە ڕادەیەکی زۆر لە ڕاستی مێژوویی نزیک دەبنەوە و بەشێک لەو مێژوونوسانەش لە پیاوانی کەنیسە بوون، بە جۆرێک لە زۆر ڕووەوە لەوانی پێش خۆیان جیاواز بوون، ئەویش ولیم صوری(٥٨٠ک–١١٨٥ز) William of Tyre (٥٨٠ک–١١٨٥ز)[3]، پەرتوکێکی لە بارەی ئەو هەڵمەتە نوسیوە(William of Tyr , 1943).

بە یەکێک لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە مێژوونوسە فەرەنجەکان لە مێژوویی بزووتنەوی خاچ هەڵگران نووسرابێت دادەنرێت، درێژەی ئەم پەرتوکە پێکهاتووە لە گفتوگۆی نێوان ولیەم لەگەڵ پاشا ئەمالریک، کە شەیدای چیرۆکی گوێگرتنی کارەکانی فەرمانڕەواکان بووە لە گێڕانەوەی پاڵەوانێتییەکاندا، دواتر پێشنیازی بۆ ولیەم کردوە کارەکانی تۆمار بکات بەو گوزارشتەی پاشای بەیتو لمەقدیسە، بۆیە ولیام بڕیاریدا ماوەی دەسەڵاتی ئەمالریک بکاتە پێشەنگی مێژووەکەی زیاتر لەبارەی مێژوویی گشتی و شانشینی بەیتولمەقدیسی لاتینی بوو، لەبەرئەوەشە پەرتوکەکەی بە تاکە پەرتوک دادەنرێت کە ئەو بابەتە لە خۆ بگرێت، ولیام بە فتوحاتی ئیسلامی و بە ولاتی شام دەست پێدەکات، شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پەیڕەوکردوە پاشان لە دووان لەبارەی ناجێگری شانشینی خاچ هەڵگران دەوەستێت، لەپێش ئەو تێکشکانە تۆقێنەرەی کە بە دەست موسڵمانان توشیان هات**(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٤٢).**

---

[3] لەدایک و باوکێکی فەڕەنسی لەبەیتولمەقدیس لەدایک بووە، کە پیاوەکانی لە هەڵمەتی یەکەمی خاچ هەڵگران بەشداریان کردوە، ولیەم لە ڕۆژهەلات ژیاوە، لەوێ فێری یۆنانی و عەرەبی بووە، بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لە فەرەنسا و ئیتالیای خوێندووە.کاتێک گەڕایەوە فەلەستین بە قەشەی کاتیدرائی سور دیاری کرا، پاشان بووە دادوەری ناوچەی خاچ هەڵگرەکان، دواتر بووە ڕاوێژکاری پاشای بەیتولمەقدیس ئەمالریک(عموری) هەتا مردنی:(.Sybel., 1861,p255 256)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

هەندێک لەلێکۆڵەران پێیان وایە ولیەم صوری مێژوونوسێکی چالاکە و تایبەتمەندە بە وردبینی، کە مێژوویی بزووتنەوەی خاچ هەڵگران هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ساڵی (٥٧٩ ک/١١٨٤ز)نوسیوە**(قاسم، ٢٠١٣م، ص١٨٩)**، ناوبراو جگە لەم پەرتوکە خاوەنی دوو پەرتوکی ترە، وەکو پەرتوکی (کارەکانی کۆڕبەندی کەنیسە) لەساڵی (٥٨٢ک/ ١١٧٨ز) و بەرهەمەکانی (پاشا عەموری)GestaAmalriciregis دواتر پەرتوکی (کارەکانی کاربەدەستانی ڕۆژهەڵات)ی دانا بە ناویOrintaliumPrincipumGesta **(ولیم الصوری، ١٩٩٨، ج١/ص٢٧.-٣٩)**. لەم پەرتوکانەدا میتۆدی مێژوونوسانی پێش خۆی پەیڕەوکردوە و پەرتوکەکەی کردۆتە چەند بەشێک و بە جۆرێک دیاریکردنی کاتی تیادا ڕەچاو کردوە (ولیم الصوری، ١٩٩٨، ج١/ص٢٧,٣٩).

ئەو سەرچاوانەی لە نوسینە مێژووییەکەیدا پشتی پێبەستووە دەکرێنە دوو بەش، هەندێکیان نووسراو و هەندێکی تریان لە ڕێگەی زارەکییەوە بووە، ڕێگای ئەو لە دەرخستنی ڕووداوەکان بە جۆرێک بووە، ئەگەر یەک گێڕانەوە بوایە هەر ئەوی دەخستە ڕوو، ئەگەر جۆراو جۆر بوایە بەراوردی دەکرد و باشترینی هەڵدەبژارد، یان هەموو گێڕانەوەکانی دەگێرایەوە و بەراوردکاری و هەڵبژاردنەکەی بۆ خوێنەری جێدەهێشت، لە پەرتوکەکەیدا سەرسامی خۆی بۆ عیمادەدین زەنکی(٤٧٩-٥٤٠ک/١٠٨٧-١١٤٦ز)و، نورەدین مەحمود (٥١١-٥٦٩ک/١١٨١-١١٧٤ز) و ئەسەدەدین شێرکۆ(م٥٦٤ک/١١٦٩ز)و صەلاحەدینی ئەیوبی(٥٦٩-٥٨٩ک/١١٧٤-١١٩٣ز) دەردەخات، لە کاتێکدا بەجۆرێک باس لە دەسەلاتدارانی خاچ هەڵگران دەکات، کە سیفەتی جەنگی و سروشتییان لەناو چووە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی نورەدین و صەلاحەدین دەستەوەستانن، بە هۆی بڵابوونەوەی خراپی و ناپاکی و جیاکاری و ململانێ و ستەمکاری لە نێوان ڕیزەکانیاندا**(ولیم الصوری، ١٩٩٨، ج١/ص٢٧,٣٩ ؛ الحویری، المنهج، ص٨٣-٨٤)**.

شێوازی ولیام جۆرێک لە سانایی پێوە دیار بوو، کە بە زمانی لاتینی نوسیبووی، پەرتوکەکەی سروشتێکی هێمنی هەبووە و بە پاکی و بێلایەنی و بابەتییانە بەناوبانگ بوو، بۆیە ولیام کاریگەریی لەسەر مێژوونوسانی دوای خۆی هەبووە**(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٥١)**، بەڵام نرخی پەرتوکەکەی لە مێژوویی نوسینەوەی مێژوویی دا بەجۆرێک وێنا دەکات بە هەنگاوێکی گرنگ بەڕووی زانیاری مێژوویی بابەتیانە دادەنرێت**(قاسم، ٢٠١٣م، ص١٩٨)**، هەروەکو یەکێکە لە گەورەترین مێژوونوسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست**(ولیم الصوری، ١٩٩٨، ج١/ص٢٦)**.

لەم هەڵمەتەدا مێژوونوسی تر هەستاون بە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی وەکو مێژوونوسی نادیار کە پەرتوکەکەی بەناوی کارەکانی لویسی حەوتەم(٥٣١-٥٨٥ک/١١٣٧-١١٩٠ز)GestaLodoviciGrossi، کە پەیوەندییەکانی فەڕەنسا لەگەڵ وڵاتانی تر لەخۆدەگرێت و لە ساڵی(٥٦٠ک/١١٦٥ز)دەوەستێت، پاشان ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (٥٦٦-٥٦٨ک/١١٧١-١١٧٣) دەخاتە ڕوو. نوسەر پشت بە ژیاننامەی لویسی شەشەم(٥٠١-٥٣١ک/١١٠٨-١١٣٧ز)VitaludovicicGrossi دەبەستێت**(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٧٣)**.

مێژوونوسی تری هەمان هەڵمەت ئوتو ئەسقەف فرایزینجOtto Von Freising مێژووەکەی ناسراوە بە مێژوویی دوو شار و بەشداری لە هەڵمەتەکە کردوە**(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٧٤)**.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

له هه‌ڵمه‌تی سێیه‌می خاچ هه‌ڵگراندا (٥٨٤–٥٨٧ك/١١٨٩–١١٩٢ز) مێژوونوسانێک ده‌رده‌که‌ون و به‌و هه‌ڵمه‌ته كاریگه‌ربوون و ڕووداوه‌كانیان تۆمار كردوه له نمونه‌ی ئه‌وانه‌ش (مێژوویی بنه‌ماڵه‌ی بلانتگت)، كه مێژوونوسه‌كه‌ی نادیاره باس له خێزانی هنری دووه‌می پاشای ئینگلته‌را ده‌كات و له‌دوای ئه‌ویش كوڕه‌كه‌ی ڕیتشارد دڵی شێر هاتووه، له‌و سه‌رچاوه‌دا وێنایه‌كی ته‌واو له‌باره‌ی بارودۆخی ئینگلته‌را و فه‌ڕه‌نسا پێش ده‌ستپێكردنی جه‌نگی سێ یه‌می خاچ هه‌ڵگران و دواتر ده‌خاته ڕوو، به میتۆدێك نوسراوه كه شێوازی كه‌نیسه‌یی به‌سه‌ری دا زاڵه، هه‌روه‌ها په‌رتوكی (گه‌شتی پاشا ریتشارد) كه به ته‌واوترین گێڕانه‌وه داده‌نرێت له باره‌ی هه‌لمه‌تی سێیه‌می خاچدروشمان كه له چه‌ندین پارچه هۆنراوه‌دا به زمانی لاتینی باسه‌كه خراوه‌ته ڕوو**(زكار، ١٩٩٨م، ج٣٠/ص٧–٩)**.

ئه‌مبروز، ڕووداوه‌كانی ئه‌و هه‌ڵمه‌ته‌ی تۆمار كردوه و به هه‌ڵمه‌تی خاچ هه‌ڵگران سێیه‌م ناسراوه له هۆنراوه‌یه‌كی ڕێكخراو و پاشبه‌ند له هه‌شت پارچه پێكهاتووه و به زمانی فه‌ڕه‌نسی كۆن نوسراوه، به ناونیشانی Lestoire de La Guerre Sainte له مێژووه‌كه‌یدا ئه‌و شتانه‌ی خۆی بینیویه‌تی له سه‌ربازگه‌كانی ئیسلامی و مه‌سیحی له خاكی عه‌كا و یافا تۆماری كردوه و، هۆكاره‌كانی شكستی هه‌وڵه‌كانی خاچ هه‌ڵگران بۆ گه‌ڕانه‌وه‌ی به‌یتولمه‌قدیسی گه‌ڕاندۆته‌وه بۆ هۆكاره‌كانی به‌رگری جۆراو جۆر به‌تایبه‌ت صه‌لاحه‌دین له ڕووی ئابووری و ده‌رونییه‌وه، له هۆنراوه‌كه‌یدا وێنای ژیانی سه‌ركرده‌كانی خاچ هه‌ڵگرانیه‌كانی له خاكی پیرۆز كردوه، كه به هۆنراوه و گاڵته‌جاڕییه‌وه ڕه‌خنه‌ی له كرده‌وه خراپ و كاره‌كانیان و هه‌ڵسوكه‌وتیان گرتوه**(سعداوی، ١٩٦٢م، ص٥٦-٥٧)**.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

## باسی سێیەم

### میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی لەلای مێژوونوسە ئەوروپییەکان لەماوەی هەڵمەتی چوارەم تا حەوتەمی خاچ هەڵگران :-

لە هەڵمەتی چوارەمی خاچ هەڵگراندا(٥٩٧–٦٠٠ک/١٢٠١–١٢٠٤ز) چەندین مێژوونوس دەردەکەون کە لە بارەی ئەو هەڵمەتەوە دەنوسن، لە گرنگترینیان جیوفری ڤیلهارودین(٦٠٨ک/١٢١٢ز)( )، دانەری پەرتوکی (هێرش بۆسەر قوستەنتنییە)( Jainville&Villehardouin , 1997 PP 10-11)، شایەدحاڵی ڕووداوەکان بووە، لە نوسینەکانیدا بانگەشە بۆ هەڵمەتی خاچ هەڵگران دەکات، پاشان لە گێڕانەوەکانیدا بەردەوام دەبێت لە باسکردنی ڕووداوەکانی هەڵمەتەکە و دەسکەوتەکانی دواتر لەبارەی ئەنجامەکانی و شوێنەوارەکانی دواوە، ناوبراو پەرتوکەکەی بە زمانی فەرەنسی نوسیوە و بەکۆنترین گێڕانەوەی مێژوویی پەخشانی دادەنرێت کە بەو زمانە نووسرا بێت(**سمالی، ١٩٨٤م.ص١٤٨**).

هەروەها بە یەکێک لە ئەزمونە بەرهەمهێنراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت، جیوفری(٦٠٨ک/١٢١٢ز) لە پەرتوکەکەیدا هۆکارەکانی هەڵمەتی خاچ هەڵگران و ئامانجەکانی دەخاتە ڕوو، کە ئەویش ئاڕاستەکردنی لێدانێک بوو بەرەو میسر بەو پێیەی بنکەی بەرگریکاری ڕاستەقینەی دژی خاچ هەڵگران بوو لە شام بۆ ئەوەی گەمارۆی پایتەختی مەسیحیەکان لە قوستنتنییە بدەن و دەستی بەسەردا بگرن، لەساڵی (٦٠٠ک/١٢٠٤ز)دا هەتا ئێستاش ئەو پەرتوکە بە باشترین باسکردن لە ململانێی درێژخایەنی نێوان مەسیحییەکان لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دادەنرێت(**الحويری، المنهج، ص٨٥**) و یەکەم پەرتوکی مێژوویی گرنگە لە سەدەکانی ناوەراست کە بە زمانێکی ناوچەیی نوسرابێت و یەکێکیشە لە سەرچاوە بنەڕەتییەکان کە ڕووداوەکانی هەلمەتی چوارەمی خاچ هەڵگران لەخۆدەگرێت و بە شێوازێکی ڕونیش نوسیویەتی، ئەگەرچی لە لایەکەوە پڕە لە ڕاستی و لە لایەکی ترەوە زۆری هەستی تاکە کەسی و لێهاتوییی لە وێناکردنی کەسایەتییەکان لە بابەتەکانیدا بەدی دەکرێت(**بارنز، ١٩١٤م.ج١/ص١١١**)، دواجار لە ساڵی (٦٠٨ک/١٢١٢ز)لە ڕۆژهەڵات مرد(**الحويری، المنهج، ص٨٦**).

مێژوونوسی تر لەوانە روبرت کلاری Robort De Clari یەکێکە لە و سەربازانەی کەبەشداری لە هەڵمەتەکەداکردوە وڕووداوەکانی هەر لەسەرەتاوە تاوەکو کەوتنی قوستەنتینییە بە دەستی (سەربازە حاجییە مەسیحیەکان) لە ساڵی (٦٠٠ک/١٢٠٤ز) دا، لەساڵی (٦٠١ک/١٢٠٥ز)دا کۆتایی پێهاتووە. شایانی باسکردنە ئەو مێژوونوسە بە ڕوانگەیەکی ناوچەیی بۆ هەڵمەتەکەی ڕوانیوە(**غنيم، ١٩٨٢م، ص ٧**).

لەم هەڵمەتەدا نوسینەوەی مێژوونوسان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەکرێت، گروپێکیان پێیان وابووە جەنگەکە بە ئارەزوو و بە مەبەست بووە، وەکو مێژوونوسە فەرەنساییەکان کۆنت ڕیان ContcRiant و ماس لاتیری Mas-Latire و هانوتوکس Hanotoux مێژوونوسانی ئەڵمانی هوبف Hopf و ووینکلمان Winkelman ، گرووپەکەی تر پێیان وایە لەناکاو بووە وەکو مێژوونوسی ئەڵمانی نوردن Norden و فەرەنسی لوشیر Luchaire، تەواوی ئەو مێژوونوسانە، ڕۆژئاوا بە پاڵنەر بۆ ئەو هەڵمەتە دەزانن(**غنيم، ١٩٨٢م، ص٩**).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

لە هەڵمەتی پێنجەمی خاچ هەڵگراندا (٦٠٩-٦١٧ك/١٢٣١-١٢٢١ز)مێژوونوسەكان لە هەوڵی تۆماركردنی ساتەكانی ئەو هەڵمەتە دابوون، بەڵام ئەوەی كە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبكەین، مێژوونوسێكی ئەڵمانییە بە ناوی ئۆلیڤەر ئەڤ بادنبونOliver ovPadenborn(٦٢٣ك/١٢٢٧ز)، یەكێكە لە مێژوونوسەكانی هەڵمەتی پێنجەمی خاچ هەڵگران، لەماوەی هەڵمەتیان بۆ میسر ئۆلیڤەر(٦٢٣ك/١٢٢٧ز)نوسەری نوێنەری پاپاوی كاردینال بلاجیوس Pelagius بووە، سەرەڕای ئەوەی خۆی بینەری ڕووداوەكان بووە، بۆیە گرنگی ئەو كەرەستە مێژووییە زیاتر دەردەكەوێت، كە پەیوەستە بە ڕووداوەكانی هەڵمەتەكە، پەرتوكەكەی بە مێژوویی دەمیات (تاریخ دمیاط HistoriaDamiatana(ناسراوە، ئەو زانیارییانە لە خۆدەگرێت كە پەیوەستە بە لەناوچونی سەربازگەی خاچەكان لە نیشینگەی جیزە لە دەمیات (٢٩ نۆڤەمبەری ١٢١٨ز – ٩ی ڕەمەزانی ٦١٥ك)( عمران، ١٩٨٠م، ص٢٦-٢٧) وتاری دووەمی( )، بۆ مەلیك كاملی مصر (٦١٥ -٦٣٥ك / ١٢١٨ بۆ ١٢٨٨ز) ناردوویەتی لە دوای تێكشكانی خاچ هەڵگران ساڵی(٦١٨ك – ١٢٢١ز)، كە باس لە مامەڵەی چاكی مەلیك كامل لەگەڵ دیلەكانی خاچ هەڵگران دەكات) (عمران، ١٩٨٠م، ص٢٧)، پەرتوكەكەی بە ناوی كەوتنی دەمیات(سقوط دمیاط(Oliver or Padenborn , 1948.pp1-3 ) (، كە ڕووداوەكانی هەڵمەتەكە لەخۆدەگرێت هەر لە هاتنی هەڵمەتە هەنگارییەكە بۆ عەككا لە سێبتەمبەری ساڵی (٦١٣ك/١٢١٧ز) هەتا كۆتایی ڕووداوەكانی هەڵمەتی پێنجەمی خاچ هەڵگران و ڕادەستكردنی دەمیات بۆ موسڵمانان، تێیدا دەرخستەیەكی باشی ڕووداوەكانی هەڵمەتی هەنگاری و تەواوی هەنگاوەكانی هەڵمەتەكەی كردوە، سەرەڕای دەرخستنی ئەو ڕووداوانەی كە پەیوەستە بە بەرەنگاربوونەوەی موسڵمانان دژی خاچ هەڵگران(عمران، ١٩٨٠م، ص٢٧ ) .

بۆیە بەڕاستی ئۆلیڤەر(٦٢٣ك/١٢٢٧ز)زۆر زیاتر لە سەرچاوە موسڵمانەكان كەرەستەیەكی مێژوویی تەواوی لەبارەی هەڵمەتەكە پێبەخشیوین، سەرەڕای ئەوەش كە ئەوەی ئۆلیڤەر نوسیویەتی دەمارگیریی ئایینی بە شێوەیەكی ڕون پێوە دیارە، لەلایەكی ترەوە لە ئەفسانە خاڵی نییە. ناوبراو وەكو مێژوو نووسێك لە هەندێك كاتدا پشتی بە وتەی كەسانی تر بەستوە و هەندێك لە ڕووداوەكانی پێشخستوە یان دوایخستوە یان دووبارەی كردۆتەوە، بۆیە لە كۆتاییشدا دەتوانین بڵێین ئەوەی ئۆلێڤەر نوسیویەتی بە گوێرەی هاوسەردەمییەكانی بە ڕێژەیەكی زۆر بابەتییانە ناسراوە(عمران، ١٩٨٠م، ص٢٨).

جگە لەو مێژوونوسە مێژوونوسانی تری ئەم هەڵمەتە وەكو جاك دي ڤتری( )، یە Jacques Vitry)٥٧٥ك/١١٨٠ز)سەرەڕای ئەوەی پیاوی ئایینی بووە، لە لایەكی ترەوە بەشداربووی شەڕەكەیە و ڕاپۆرتی لە بارەی دەمیاتەوە بۆ لای پاپا هۆنریۆسی سێیەم (٦١٢-٦٢٤ك/١٢١٦-١٢٢٧ز) دەنارد، ئەمەش بە بەڵگەنامەیەكی گرنگ دادەنرێت بۆ ئەم هەڵمەتە. جگە لەمانەش پەرتوكێكی هەیە بە ناوی (مێژووی ڕۆژهەڵات HistoriaOrientalles )وەكو شایەتحاڵی ڕووداوەكە، ڕووداوەكانی خاڵی پێشكەوتنی خاچ هەڵگرانی بۆ دەمیات خستۆتە ڕوو، لەم شەڕەدا كەسانی هاوسەردەمی ڕووداوەكە هەبوونە، بەڵام شایەتحاڵی ڕووداوەكە نەبوون، وەكو ڕۆجەر ئۆف وندەوڤر Rojer of Wendovr، پەرتوكەكەی بەناوی (پوختەی مێژوو Flowers of History (ڕووداوەكانی ئەم هەڵمەتەی تۆمار كردوە(عمران، ١٩٨٠م، ص٢٩-٣١).

ئەوروپییەكان بەوە نەوەستان بەڵكو هەڵمەتێكی تریان خستە سەر ڕۆژهەڵات، ئەویش هەڵمەتی شەشەمی خاچ هەڵگران (٦٢٦ك/١٢٢٨ز) بوو، مێژوونوسانی ئەم ماوەیەش لەهەوڵی بەردەوام دابوون، بۆئەوەی ئەو ڕووداوە بە میتۆدی تایبەتی خۆیان تۆماربكەن، یەكێك لەگرنگترین ئەو مێژوونوسانەش كە خاوەن پەرتوكی خۆیەتی و خۆی بینەری ڕووداوەكان بووە، پەرتوكەكەی بۆتە جێی بایەخی مێژوونوسانی ئەو سەردەمە فلیب دی نوڤارە و خاوەنی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

پەرتوکێکە بە ناوی (هەواڵی کاروبارەکانی شەڕ Phlippe De Navarre &Gerard De Monreal. Gestas( )( Des Chaprios(Recueil de CroniquesFrancaises) 1887,)، تێیدا مێژوویی شانشینی قوبرس هەر لەساڵی (٧٠٨ک/١٣٠٩ ز) تا وەکو دەوروبەری (٦٣٢ک/١٢٣٥ز) دەخاتە ڕوو، دابەشی بۆسەر سێ پەرتوک کردوە( ئەوانیش (مێژوویی خاکی پیرۆز) و (مێژوویی فیلیب دي نوڤار) و (مێژوویی داوییەی سور)، مێژوویی زەوییەکانی پیرۆز زنجیرەیەکە لە مێژوویی ساڵانە و مێژوویی جیهان هەر لە دروستبوونییەوە هەتا ساڵی (٦١٤ک/١٢١٨ز) دەخاتە ڕوو، پەرتوکی دووەم مێژوویی فیلیب دي نوڤار جۆرێکە لەمێژوویی ساڵانە و سێیەم تەواوکەری مێژوویی قوبرس و سوریایە (٦٣١-٧٠٩ک/١٢٤٣-١٣٠٩ز) (زکار، ١٩٩٨م، ج٣٤/ص١١ ).

مێژوویی فیلیب بە سەرچاوەی یەکەمی و گرنگترین قۆناغی مێژوویی قوبرس دادەنرێت، بەهۆی دەرخستنی کارەکانی فردریکی دووەم و چیرۆکی ئەو مێژووەمان بۆ دەردەخات کە وەکو سەربازێک خۆی بینیویەتی و بەشداری تێدا کردوە، لە ڕووی سیاسی و شارستانێتی و یاساییەوە باس لە شانشینییەکانی خاچ هەڵگران دەکات(زکار، ١٩٩٨م، ج٣٤/ص١٤).

فیلیب لە دەربڕینی گوزارشتە مێژووییەکەی بە مێتۆدێکی جیاواز نوسیویەتی، بە چاوی گومانەوە لە دەقە مێژووییەکانی ڕوانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بینەری زۆربەی ئەو ڕووداوانە بووە کە تۆماری کردون(زکار، ١٩٩٨م، ج٣٤/ص٣٠) .

هاوکات لەگەڵ ئەو مێژوونوسانە گەشتیارەکان یان حاجیانی مەسیحییەکان هەبوون و سەردانی ناوچە پیرۆزەکانی ڕۆژهەڵاتیان کردوە و، بەشێک لە ڕووداوەکانیان تۆمار کردوە، لە نمونەی ئەوانەش وەکو سایولف Saeluf لە نێوان گەشتیارەکان گەشتەکەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لە سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاینی و لە نێوان ساڵانی(٤٩٥-٤٩٦ک/ ١١٠٢-١١٠٣ز) لەبارەی ململانێی نێوان موسڵمانەکان و خاچ هەڵگران وێنایەکی گرنگمان پێدەبەخشێت(عوض، ١٩٩٢م، ص٤٢)، باس لە وەسفی موسڵمانان و کەنیسەی قیامە دەکات(الربيعي، ١٩٩٤م، ص٧٩)، دانییل قەشەیەک بووە، لەساڵی(٤٩٩ک/١١٠٦ز) دا دەستی کردوە بە حەجکردن بۆ ناوچە پیرۆزەکان، بۆیە پەرتوکێکی، داناوە کە بابەتەکانی ئەو قۆناغە لەخۆدەگرێت، باس لە جوگرافیای فەڵەستین دەکات و لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێک کاتدا لەو باسکردنەدا هەڵەی کردوە(محمد و سيد، الكنيسة ودوروها، ص ط.(

لەنێوان ساڵانی (٥٥٤ک/١١٦٠) بۆ (٥٦٥ک/١١٧٠ز) قەشەیەکی ئەڵمانی کە پێی دەوترا یوحەنا سەردانی فەڵەستینی کردوە، لە نوسینەکانیدا ئاماژەی بە ژیانی مەسیح کردوە (الربيعي، ١٩٩٤م، ص٨٠)، شایانی باسە زۆر لە گەشتیارەکانی سەدەی شەشەمی کۆچی/دوازدەی زاییني گرینگیدانیان تەنها بە جیهانی مەسیح بووە و، لە زۆرێک لە دانراوەکانیاندا دژایەتی موسڵمانانیان کردوە(الربيعي، ١٩٩٤م، ص٨١)، بە متمانە بەخۆبوونیان و پشتیوانی بەردەوامی مەعنەوی پرۆژەی خاچ هەڵگران (٤٩٢-٥٨٢ک/ ١٠٩٩-١١٨٧ز)یان کردوە، بابەتەکانیان گرنگی تایبەتی بۆ دەرخستنی لایەنی ئابووری و سیاسی وکڵێسا و ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستە بەو سەردەمە بە تایبەت شەڕی خاچ هەڵگران هەیە(عوض، ١٩٩٢م، ص٢٧-٢٨) .

هاوکات لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان و هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران و، شکستهێنانی خاچ هەڵگران لە زۆرێک لە هەڵمەتەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوەی باشی هەبوو لەگشت لایەنەکان، بەتایبەت میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی بە جۆرێک جیاواز بوو، لە سەرەتای سەدەکانیناوەڕاست لە ئەوروپا و وردە وردە دۆگماکانی زیاتر لەلای مێژوونوسە ئەوروپییەکان دەچەسپێت و میتۆدیان بە جۆرێک گۆڕا کە تەنها لە ڕووکاری ڕووداوەکانیان نەدەڕوانی، بەڵکو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

لەهەوڵداندا بوون بچنە ناو کرۆکی ڕووداوەکە و لە هۆکاری سەرکەوتن و شکستەکان بکۆڵنەوە کە ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو بە ڕووی میتۆدی مێژووییدا، ئەم هەنگاوانەش لە سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەی زاینی زیاتر دەردەکەوێت، وەک لە بەشی دواتردا ڕون دەبێتەوە.

## باسی چوارەم

## میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی مێژوونوسانی ئەوروپی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران :

لە ماوەی هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگراندا مێژوونوسان لەسەر ڕەوتی نوسینەوەی مێژوویی بەردەوام بوون، بەو پێیەی ئەم هەڵمەتانە دوو سەدەی خایاند، بۆیە ئەم ڕەوتانە لە پاڵ درێژەدان بە میتۆدی سەدەکانی پێشتر، لەگەڵ گوزەربوونی سەدەکان لە گۆڕانکاری دابوون.

ماوەی میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی مێژوونوسانی ئەم هەڵمەتەش، دەکەوێتە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سەدەی سێزدەیەم، بۆیە بۆ زیاتر بەرچاوڕونی و ناساندنی زیاتری میتۆدی ئەم سەدەیە، بە پێویستی دەزانین بارودۆخی نوسینەوەی مێژوویی ئەم سەدەیە بە شێوەیەکی گشتی بخەینە ڕوو، تا زیاتر ئاڕاستەیمیتۆدی ئەم مێژوونوسانە دەربکەوێت :_

سەرەڕای ئەوەی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەیەمی زایینی لە مەودای نوسینەوەی مێژوویی ماوەیەکی ئەزموندار نەبوو، بەڵکو بابەتە باوەکانی تێدا گەشەی کرد و بە شێوەیەکی ئاسایی بەردەوام بوو، یەکێکیش لە خاسیەتەکانی ئەم سەدەیە هەموو چەشنەکانی نوسینەوەی مێژوویی دێری بێهاوتا بووە، لەلایەکی ترەوە ئاڕاستەی نوسینەوەی مێژوویی لە وڵاتانی ئەوروپی لە گەش و نما دابوو، ئەمەش کاریگەریی لەسەر نوسینەوەی میتۆدیان هەبوو(**سمالی، ١٩٨٤م. ص١٥٩.١٦٠**).

بارودۆخی میتۆدی مێژوو لە قوتابخانەکانی فەرەنسا بە جۆرێک بوو، شێوازی نوێ لە نوسینەوەی مێژوو دەرکەوت، پێی دەگوترا مێژوویی ئامۆژگاری Pulpit History ، ئەم شێوازە لە دامەزرێنەری بترس ئەلمەنشد PetertheChonter بووە، کە کۆمەڵێک لە قوتابی لەدەوری دا کۆبوونەوە و خۆیان تەرخانکردبوو بۆ ئامۆژگاری و پەرتوکی پیرۆزیان دەگوتەوە و موژدەدەر و ئاگادارکەرەوە بوون، بۆیە لەم سەردەمەدا قوتابخانەکانی فەرەنسا بەجۆرێک بوون عەقڵیەتی موژدەدەر کاری نوسینەوی مێژوویی بەڕێوە دەبرد، لە ڕوانینی ئەواندا مێژوو تەنها وەکو سەرچاوەیەکە بۆ پەند و ئامۆژگاری لێوەرگرتن، ئەمەش لە هەڵبژاردن و چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەردەکەوت(**سمالی، ١٩٨٤م. ص١٦٠_١٦٥**). لەپاڵ ئەو هەنگاوانەی کە بەسەر ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی داهات، جۆرێک دانراوی مێژوویی هاتنە ئاراوە،کە پەرتوکەکانیان بە وێنە دەڕازاندەوە، گوزارشتیان لە ڕووداوەکانی ئەو


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

کاتەدەکرد و بە زمانی لاتینی ڕونکردنەوەیان لەسەر وێنەکە دەنووسی، لەوکاتەدا نوسەرانی سیکۆلار نەیاندەتوانی بەئاسانی لێی تێبگەن، بۆیە لێرەوە ڕەوتی نوسینەوەی مێژوو بە ئاڕاستەی زمانی نەتەوەییگوزەری کرد، کە بە زمانێکی نەتەوەیی و بە وێنە، ڕووداوە مێژووییەکانیان ڕوندەکردەوە، ئەم هەنگاوەش کاریگەریی لەسەر میتۆدی ئەوروپییەکان بەتایبەت فەڕەنسا هەبوو، هونەرمەند و مێژوونوسە گەورەکان بە وێنەکانایان ساڵنامە گەورەکانی فەڕەنسا"حولیات فرنسا الكبرى "یان نەخشاندبوو، تیایدا لە چل بەرگدا وێنەی دیمەنی ولاتان و شەڕەکانیان دەکێشا(**سمالی، ١٩٨٤م. ص١٦٠_١٦٥**).

سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا شێوازی جۆراوجۆری لە شێوازی نوسینەوەی مێژوویی بەرهەمهێنا، ئەو نامانەی وەکو یەک بابەتی سەرەکی دەنوسرایەوە، جگە لە ژیاننامە، هەروەها ئەو یاداشتانەی لە دەوری ڕووداوێکی مێژوویی وەکو بینەری ڕووداوەکە دەردەکەوتن، بە نمونە یاداشتەکەی جوانڤیڵ، ئەوانە یەکێک بوون لە بابەتە باوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەت دوا دواییەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدە ی زاینی، ماوەیەک بوو میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی لە گەش و نماو گۆڕانکاریی دابوو، بە ئەندازەیەک کە بیری مێژوویی ئەوروپییەکان بەرەو پێکهاتەکانی زانستی مێژوو و سەردەمی هەستانەوە نزیک دەبوویەوە(**قاسم، ٢٠١٣م، ص١٩٩**).

هاوکات لەو سەدەیەدا بە هۆی گرنگیدانی زیاتری مێژوونوسان بە مێژوو، شێوازێکی نوێ دەرکەوت، ئەویش شێوازی ئینسایکلۆپیدیا (الموسوعة) بوو، کە ئەمەش بە هەنگاوێکی هەرە گرنگی ئەو سەردەمە دادەنرێت، ئەو دانراوانە گرنگی تایبەتی خۆیان هەبووە، بەجۆرێک زانیاری مێژوویی لەبارەی تەواوی ماوە مێژووییەکانیان دەخستە ڕوو(**سمالی، ١٩٨٤م. ص١٧٢_١٧٣**).

دوابەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەی زاینی، لە ئەنجامی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکاندا ئەو چیرۆکە مێژووییە کۆنانەی کە بە شێوازێکی وێژەیی و ڕەوانبێژی دەنووسرانەوە بەرەو لەناوچون چون، ئەمەش بووە هۆی دوورکەوتنەوەیان لە ڕەوانبێژی، بەڵکو ڕوویان کردە ژیربێژی و گفتوگۆ. ئەمە لەکاتێکدا مێژوونوسان چیتر پەیوەست نەبوون بە نوسین بە زمانی لاتینی و سودیان لە شێوازی جگە لە لاتین وەرگرت و لەو شێوازە کۆنە ئازادبوون و گوزارشتیان لە بیرکردنەوەی خۆیان دەکرد، ئەوان گەیشتبوونە قۆناغێک کە ماوەی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مێژوویی کلاسیکی لە قۆناغی هەڵبژاردن و پوختکردنەوە دابوو، لە جیاتی تەنها خوێندنەوەی سەرچاوە سەرەکییەکان.ئەو مێژوونوسانە نمونەیەکی بنیادنانی دانراوی مێژووییان هێنایە ئاراوە و بە جۆرێک ڕێگایەکیان پێشکەشکرد و لە شێوازەکانیاندا بیریان لە بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕووداوە مێژووییەکان کردۆتەوە، زیاتر بەدوای ڕامان و بیرکردەوەی زیاتر لە ڕووداوە میژووییەکان دەگەڕان ئەو شێوازەش زیاتر ڕەنگدانەوەی بەسەر مێژوونوسانی خاچ هەڵگران هەبووە(**سمالی، ١٩٨٤م. ص١٧٣_١٧٤**).

شەڕی خاچ هەڵگران جۆرێکی تری نوسینەوەی مێژوویی هێنایە ئاراوە و کاریگەریی لەسەر میتۆدی مێژوونوسان هەبوو، بە جۆرێک مێژوونوسان وردە وردە بە دوای هۆکاری ڕووداوەکان دەگەڕان، بە چەشنێک مامەڵەیان لەگەڵ مێژوودا دەکرد کە کاری مرۆڤە، لە کاتێکدا هێزی نادیار لە شیکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بوونی مابوو، هەروەکو



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

هەمیشە لە خوێندنی بابەتی مێژوو لە کڵێسای کاثۆلیکی ئەمە دەبینرا. ئەگەر بوونی خاچ هەڵگران بە تێکشکانی پرۆسەی خاچ هەڵگران سەربازیی کۆتایی هاتبێت، ئەو شکستە سەرکەوتنی لە بواری نوسینەوەی مێژوویی بەدوای خۆیدا هێنا و لەهەمان کاتدا میتۆدی مێژوونوسی گۆڕانکاری بەسەرداهات، کەواتە مێژوونوسی ئەوروپی خاچ هەڵگران کە لەبارەی شکست و تێکشکانەکانەوە دەیاننوسی، وایلێکردون کە بەدوای چۆنییەتی و هۆکاری ئەو شکستانەدا بگەڕێن، کە ڕووخانی ڕەوشتی و سزای خودایی بۆ شیکردنەوەی ئەو بارودۆخە بەس نەبوو، بەڵکو مێژوونوسەکان لە ڕووداوە مێژووییەکانیان دەکۆڵییەوە و دەیانپشکنی و لە هەمان کاتدا لە هۆکارە نادیارەکانی مرۆڤایەتی پشت تۆمارە مێژووییەکانیان دەکۆڵیەوە، ئەمەش لە دوا دواییەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی/ سێزدەیەمی زاینی زیاتر دەردەکەوت(**قاسم، ٢٠١٣م، ص١٩٩**).

لە هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران دا چەندین مێژوونوس لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم هەڵمەتە دەدوێن، کە پەرتوکی زۆری وەکو ساڵنامە و بەڵگەنامەڕەسمییەکان بە زمانی لاتینی و فەرەنسی نوسراون، کە لەلایەن مێژوونوسانی ئەو سەردەمە جێماون و بەشێکیان هاوسەردەمی ڕووداوەکە و بەشێکی تریان بەشداربووی ڕووداوەکەن(**یوسف، ١٩٨١م ،ص٢**)، هەوڵدەدەین لەو تەوەرەدا تیشکی بخەینە سەر:-

یەکێک لەو مێژوونوسانەی کە هاوسەردەم و بەشداربووی ئەو هەڵمەتەیە جوفروا دی بلییە Geoffroi de Beaulieu(م٦٧٢ک/١٢٧٤ز)، کەلەگەڵ لویسی نۆیەم[4] بەشداری کردوە لە هەڵمەتەکەی دا بۆسەر میصر و لە سوریاش لە پاڵیدا مایەوە، ببووە جێی متمانەی پاشا، لێرەوە مێژوویەکی نوسیەوە لە بارەی لویس، تا یادی بە نەمری بمێنێتەوە(**Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p116**).

لە میانەی دانراوە مێژووییەکەیدا هەموو لایەنێکی پاشای خستۆتە ڕوو، ئاماژە بە خواناسی دەکات، بۆیە ژمارەیەک لە بەشەکانی تەرخانکردوە بە باسی لە ئاینداری و خاکی بوونی لویس و ئاماژەش بەوە دەکات کە کارەکانی بەڵگەیە لەسەر ئاینداریەکەی، سەردانێکی ئایینی بۆ شاری ناسرە و چەند ناوچەیەکی تری پیرۆز لە فەڵەستین کردوە، بۆیە میتۆدی مێژووییەکەی بەجۆرێک ئاراستە دەکرێت، کە زیاتر هەستی ئاینی بەسەریدا زاڵە، بۆیە لەڕوانینی نوسینەکانی دا وەکو پاشا لەبارەی سانت لویس نادوێت، بەڵکو لە زۆربەی کاتدا وەکو پیاوێکی تایبەتی مەسیحی وەسفی کردوە(**Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p116**).

---

[4] لویسی نۆیەم لە ساڵی (٦١١ک/ ١٢١٤ز) لە شاری بوواسیە (Poisser)ی فەرەنسی لە دایک بووە، سەر بە بنەماڵەی کابیەی پاشایی بە ناوبانگ بووە، بە کەسایەتیەکی چاکەکارو دادپەروەر ناسراوە، زۆر پابەندی پیاوانی ئایینی بووەو هەوڵی داوە سودیان لێببینێت و شارەزای مەزهەبی کاسۆلیکی ببێت، لە کۆتایەکانی ساڵی (٦٤٢ک/ ١٢٤٤ز )لویس توشی نەخۆشی دەبێت، بڕیاری دا ئەگەر بێتو لە نەخۆشیەکەی چاک بێتەوە، هەڵمەتێکی خاچ هەڵگران بەرپابکات و ناوچە پیرۆزەکان ڕزگار بکات، دوایی باشبوونەوەی لەنەخۆشیەکەو ئەنجامی دانی هەڵمەتەی حەوتەمی خاچ هەڵگرانو هەشتەم شکست دەهێنیت و دەگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا و لە (٧ی موحەرەمی ٦٦٩ک/٢٥ ی ئۆغستی ١٢٧٠ز) لە تونس دەمرێت: (**رفعت و حسونة، ١٩٢٨م،ص١١٢-١١٥؛ Rice.D.S, 1951,P9;**

**زکار، ١٩٩٨، ج٣٥/ص١٧-٣٠**).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

ئەم مێژوونوسە گرنگی بە تۆمارکردنی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران داوە و هۆکارەکانی و ئەنجامەکانی خستۆتە ڕوو(Michaud, 1829 , Premier partie , P296-300).

یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی تر کە هاوسەردەمی ئەو ڕووداوەیە، ئەویش مێژووی ڕوسلانRothelin (بەرهەمی مێژوونوس ڕوسلان)ە بە تەواوکەری مێژووی ولیام صوری دادەنرێت و ماوەی ساڵانی( ١٢٢٩ز – ١٢٦١ز) لە خۆدەگریت، ڕوسلان لە گێڕانەوەکانیدا ئاماژە بە لویس دەکات لە سوریا و ئاگربەستەکانی لەگەڵ سوڵتانی دیمەشق و قاهیرە باسکردوە، ئەو مێژوونوسە لە بەشێک لە گێڕانەوەکانیدا ئاماژە بە هەندێک ڕووداو دەکات، کە مێژوونوس جوانڤیڵ باسی نەکردوە وەک گێڕاوەکانی لە بارەی نێردراوی یوحەنناى سێیەم فاتاسی ئیمپڕاتۆریەتی نقیای گریکی بۆ لای لویس، هەروەها گرنگی بە مێژوویی زەوی پیرۆز داوە لە ماوەی مانەوەی لویسی نۆیەم لەو ناوچانەدا، بۆیە پەرتوکەکەی بایەخێکی گرنگی هەیە (Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p116)، بۆیە دەتوانین بڵێن هەروەک مێژوونوسی فەرەنسی ناسراو جوزیف فرانسوا میشو (١٧٦٧ – ١٨٣٩ز) ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر یاداشتەکانی جوانڤیڵ نەبوایە ئەوا مێژوویی ڕوسلان سەرچاوەی یەکەم بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ساڵەکانی مانەوەی لویسی نۆیەم لە ڕۆژهەڵات (**یوسف، ١٩٨١م، ص١٩**).

ولیم دی شارترGullaume de chartress( ٦٨٠ک/١٢٨٢ز)[5]، یەکێکی ترە لە شایەتحاڵەکانی شەڕی حەوتەمی خاچ هەڵگران، کە لەبارەی ژیان و کارەکانی پاشا لویسی نۆیەم نوسیویەتی، کارەکانی بە تەواوکەری پەرتوکی (جوفروا دی بلییە) دادەنرێت، لەلایەکی ترەوە بەشداری لە ڕووداوێکی گرنگی ژیانی لویسی نۆیەم کردوە، ئەو کاتەی کە پاشا لە میصر و سوریە بوو، لە تونسیش هاودەمی بووە، ولیم بە هەمان شێوەی مێژوونوسەکانی تر، باس لە باشییەکانی لویس دەکات و ستایشی دەکات، یەکێک لە پەرتوکە گرنگەکانی بە ناوی (دەی بچین بەرەو بەیت و لمەقدیس)(هيا إلى البيت المقدس) (Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p117)، بە جۆرێک ستایشی دەکات کە کەسێکی لەخواترس و ئازا بووە، ئەمەش لە ئەنجامی پەروەردەکرنی ئایینی ئەو پاشایە بووە، ئاماژەش بەوە دەکات وەک خۆری نویَ لە جیهاندا هەڵهاتووە و لەشام گیرساوەتەوە، کە ئەو سەرکەوتنەی جیهانی مەسیحیەت دەیبینێت بەهۆی ئەو پاشایەوەیە، کە چۆتە ڕۆژهەڵات و ژیانی خۆی بەختکردوە. لە درێژەی وتەکانیدا ئاماژە بە ساتی شکست و بەدیل گرتنی لویسی نۆیەم دەکات، بە جۆرێک کە لە دوای مردنی سوڵتان (نەجمەدین ئەیوب) ئازاد دەکرێت ئەو ڕووداوە بە شانازیی بۆ پاشاکەی دادەنێت(Michaud, 1829 , Premier partie , P302).

لە نوسینەکانی ئەو مێژوونوسەوە، میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی بە چەشنێک دەردەکەوێت کە خۆشەویستی بۆ پاشاکەی و ئاینی مەسیحی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، تا ئەو ڕادەیەی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران ی بە شەڕی پیرۆز دژی بێ بڕواکان دیاری کردوە و لویسی نۆیەمی بە فریادڕەسی ناوچە پیرۆزەکان ئەژمارکردوە( Michaud, 1829 ,

[5] پیاوی تایبەتی لویسی نۆیەم بووە و ، لەهەمان کاتدا ڕاهیبی دۆمینیکان بووە، لە بارەی ژیانی تایبەتی لویس نوسیویەتی ، کەمێک پێش ساڵی ١٢٨٢ز مردووە. (Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p117)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**(Premier partie , p301-302** . یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی ئەو سەردەمە پەرتوکی ولیم دی سانت باسوس Guillaume de Saint –Pathus(٧١٤ک/١٣١٥ز) کە شاژنە مارگریتی خێزانی لویسی نۆیەم وەکو مێژوونوسێکی لێهاتوو دانی پێداناوە، لەدوای مردنی لەساڵی (٦٩٤ک/١٢٩٥ز)، ڕادەستی کچەکەی بلانش کردوە، ئەم مێژوونوسە لەبارەی ژیانی قەدیس لویس و پەرجوەکانی نوویسویەتی، ئەمەش لەسەر داواکاری کچەکەی بووە، دانراوەکەی گوزارشت لە گێڕانەوەی تەواوی ژیانی پاشا لویسی نۆیەم دەکات، لە لە دایکبوونییەوە هەتا مردنی، بەڵام باس لە چالاکیی خاچ هەڵگران ناکات، سەرەڕای ئەوەی کە بێئاگا نەبووە لە ماوەی مانەوەی پاشای فەرەنسی لە وڵاتی شام **(یوسف، ١٩٨١م، ص١٨)** .

ولیم دی نانجی(٦٩٩ک/١٣٠٠ز) Guillaume de Nangis ، یەکێکە لە مێژوونوسە هاوچەرخەکانی هەڵمەتی حەوتەمی خاچ هەڵگران ، دانراوە مێژووییەکەی بە ناوی (باشییەکانی لویسی پیرۆز و کارەکانی) (فضائل القديس لويس وأعماله) لە دوای دەست بەتاڵی پێشکەشی پاشا فلیپی جوان(٦٨٣-٧١٣ک/١٢٨٥-١٣١٤ز) کردوە، لەو نوسینەیدا پشتی بە هەریەک لە پەرتوکەکانی جوفروا دی بلییە و دی ریمز Gilon de Rheims و چەند مێژوونوسی تر بەستووە، بەڕای زۆرێک لە مێژوونوسان ئەو مێژوونوسە زۆر وردبین بووە لە گواستنەوەی ئەو زانیارییانە لەو مێژوونوسانە، مێژووەکەی بە زمانی لاتینی نوسیوە دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی ( **Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p102-103)**، ناوبراو کاری لەسەر دەستنوسە لاتینییەکان کردوە، بۆیە جگە لەوەی مێژوونوس بووە لەهەمان کاتدا کاری وەرگێڕانی کردوە، وەکو مێژوویی گشتی مامەڵەی لەگەڵ مێژوودا کردوەهەر لە دروستبوونەوە تاوەکو ساڵی (٦٩٩ک/١٣٠٠ز) (**Potthast. A,Bibliotheca ,p554-555.** )، بۆیە پەرتوکێکی جێهێشتووە بەناوی Chronicon کە بەساڵی (٦٢٣ک/١٢٢٦ز)،دەستپێدەکات تاوەکو ساڵی(٦٩٩ک/ ١٣٠٠ز)، ئەمە و چەندین بەرهەمی تری وەکو ChroniqusAbregegee یان Chronique des Rois de france( **Molinier, A, LesSources,1903,Voll,111,p102-103)**، لە چەند بەشێکی دانراوە مێژووییەکەیدا ئاماژە بە ماوەی مانەوەی لویس لە سوریادا دەکات و کارەکانی زیاتر لە بەرژەوەندی بابەتی خاچ هەڵگرانیەکاندا بووە و ناوبراو ئامانجی لە بنەڕەتدا بە جۆرێک بووە ئەو هەڵمەتانە دەربخات کە لویسی نۆیەم ئەنجامی داوە، بەڵام میتۆدی ئەم مێژوونوسە بە ئاڕاستەیەک بووە زیاتر لەخواترسانی لویسیان دەرخستوە، بێ ئەوەی گرنگی بە تەواوی وردەکاری چالاکییەکانی خاچ هەڵگران بدات ،هەروەک لە سەردەمی ئەودا ئەم جۆرە میتۆدە لەلای مێژوونوسانی تر باو بووە کە زیاتر ڕێچکەیەکی ئایینی بە نوسینە مێژووییەکانیان دیار بووە**(یوسف، ١٩٨١م، ص١٩)**.

یەکێکیتر لە ساڵنامەکۆنەکان کە هاوسەردەمی ئەو هەڵمەتەیە، لەلایەن ڕاهیبی ئینگلیزی متا پاریسی، نوسراوە، بە یەکێک لە پەرتوکە مەزنەکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زاینی دادەنرێت، پەرتوکەکە ناوی مێژوویی بەریتانیا "تاريخ انجلترا "HistoriaAnglorum" یە، بە جۆرێک مێژوویی ڕووداوەکان لەساڵی (٦٣٢ک/١٢٣٥ز)دەستپێدەکات و لەساڵی (٦٧١ک/١٢٧٣ز) کۆتایی پێدێت، کە تێیدا مێژوونوس مردووە(**Paris.M, 1853,v1.**).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

مێژووەکەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بابەتی ئەو هەڵمەتە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپای لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زاینی خستۆتە ڕوو، واتا ئەو ماوەیەی کە لویسی نۆیەم لە میصرٍ و شام بوو، بە تایبەتی بارودۆخی هەریەک لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا(**یوسف، ١٩٨١م، ص٢٠**).

میتۆدی مێژووییەکەی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بە بەراورد بە میتۆدی مێژوونوسانی تر و، تێڕوانینی جیاوازی سەبارەت بە هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران هەیە، بە جۆرێک لە وەها سەردەمێکدا ئاماژە بە هەندێک بابەت دەکات، کە باسکردنیان ڕێگە پێدراو نەبووە. ئەو مێژوونوسە بۆچونەکانی بە شێوەیەکی ئازاد و ڕاشکاوانە لە بارەی پاپای ڕۆمانی و پیاوانی ئایینی خستۆتەڕوو، کە هەڵگری سروشتێکی گاڵتەئامێز بووە **(Paris.M,English History,p80-93)**، لەهەمان کاتدا گەندەڵییەکانی کڵێسای هەر لە بچوکترین قەشەوە هەتا خودی پاپا دەردەخست(**یوسف، ١٩٨١م، ص٢٠**)، بەبۆچونی ئەو پاپا بانگەشەی هەڵمەتی خاچ هەڵگران نەدەکرد ئەگەر ئامانج و بەرژەوەندییەکانی نەیەتەدی، ئاماژەش بەوەدەکات کە پاپا هۆکاری زۆرێک لە بارگرژی و ئاڵۆزییەکانە لە جیهاندا، ئەمە لەکاتێکدا خۆی پیاوی ئاینی بووە و بە باشی ئاگاداری کاروباری کەنیسە بووە(**یوسف، ١٩٨١م، ص٢٠**)، بەڵام ئەو مێژوونوسە لەماوەی مانەوەی لویسی نۆیەم لە وڵاتی شام شایەدحاڵی ڕووداوەکە نەبووە، بەڵکو هەواڵی ئەو ڕووداوانە لە ڕێگەی وتاربێژەکان و یان گێڕانەوەکان و ئەو حاجیانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە دەگەڕانەوە وەرگرتووە، بۆیە لەهەندێک کاتدا وردبینی و ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەکانیدا بەدی ناکرێت و زیادەڕەوی تێدایە(**یوسف، ١٩٨١م، ص٢١**).

لە سەرچاوەی هاوسەردەمی تر بەشێک لە بەڵگەنامەکان و نامەکان و هۆنراوە چیرۆکەکانن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو هەڵمەتەوە هەیە یەکێک لەوانە ئەو وتارەی لویسی نۆیەمە ئاڕاستەی گەلی فەڕەنسای کردوە، لە دوای ڕزگاربوونی لە دیلیەتی و ڕۆیشتنی و ئاڕاستەکردنی هێزەکان بەرەو عەکا، لەو وتارەدا مێژوویی ساڵانی نیشتەجێبوونی لە ڕۆژهەڵات خستۆتە ڕوو و بە زمانی لاتینی نوسراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی نوێی فەرەنسی، ئەم بەرهەمە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بە جۆرێک پەیوەستە بە ئامادەکارییەکانی لویس و بانگەشەکردنی بۆ هەڵمەتێکی سەربازیی نوێ و زیانەکانی لە زیانەکانی خاکی نیل(**یوسف، العرب والاتین،ص٩٩**).

بەشێکی تری پەرتوکە ڕۆژئاواییەکان، کە هاوسەردەمی ئەو ڕووداوانەیە لە نمونەی ئەوەش هرقلە و مێژووەکەی بە تەواوکەری مێژوویی ولیام سوەری دادەنرێت و باسی بارودۆخی شانشنییەکانی لاتین لە سوریا دەکات و مێژوونوسی نادیار کە خاوەنی پەرتوکی"" فضائل القديس لويس التاسع"" Geta alia Sancti Ludovici noni لەو مێژووەدا هاوکارییەکانی پاشا بۆ ڕزگاربوونی دیلە فەڕەنساییەکان لە میصرٍ خستۆتە ڕوو(**یوسف، ١٩٨١م، ص٢٣**).

## ئەنجام

## لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

1. هەر لە سەدەی پێنجەمی کۆچی/یازدەیەمی زاینی لە دوای بەرپاکردنی هەڵمەتەکان بارودۆخی ئەوروپا بە جۆرێک بوو کە چەندین مێژوونوس دەرکەوتن کە بەو بارودۆخە کاریگەربوون و بە میتۆدێکی جیاواز بە بەراورد بەسەردەمانی تر دەیانووسیەوە، بە جۆرێک تا ڕادەیەک بە هۆی ئەو هەڵمەتانەوە لە ڕووی میتۆدی مێژووییەوە لە کۆت و بەندی کۆن ئازادی کردن و هاندانێک بۆ نوسینەوەی مێژوویی هاتە ئاراوە، کە بەرهەمی خۆکردی مێژوونوسان بەرهەم هات.
2. لە ماوەی هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران بارودۆخی میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی بەرەو گۆڕانکاری هەنگاوی نا کە لە پێش خۆی دا جیاواز بوو، بەتایبەت لە ئەوروپادا کە مێژوونوسانێک دەرکەوتن سەرەڕای وابەستەی زۆریان بە ئاینی مەسیحی لە لێکدانەوەی ڕووداوەکانی هەڵمەتەکانی خاچ هەڵگران دا، لە لایەکی ترەوە بە میتۆدی هۆکارگەرایی، لە نوسینە مێژووییەکانیاندا لێکۆڵینەوەیان لە هۆکاری شکست و سەرکەوتنەکانی خاچ هەڵگران دەکرد، کە ئەوەش بۆ ئەو قۆناغە بە ئاستێکی پێشکەووتوویی میتۆدی نوسینەوەی مێژوویی دادەنرێت،
3. زوریک مێژوونوسە ئەوروپیەکان بە وردەکاری زۆرەوە هەڵمەتەکانیان بۆ سەر جیهانی ئیسلامی بە میتۆدی لێکدانەوە شرۆڤە کردوە، تا ئەو ئاستەی هەوڵیان داوە نوسینە مێژووییەکەیان بە شێوازێکی بابەتیانە بخەنە ڕوو، لە بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی هەڵمەتەکە بێ لایەنی و وردەکاری و ڕاستگۆییی زۆر بە میتۆدی مێژووییەکەیان دا دیارە و شکست و سەرکەوتنەکانی هەڵمەتەکەیان لە چوارچێوەی یاداشت خستۆتە ڕوو.
4. هەندێک لە مێژوونوسەکان لە بەشێکی گێڕانەوەی ڕووداوکاندا لێکچونی زۆری پێوە دیارە لە کاتێکدا هەریەکەیان بە هۆی جیاوازی ئایدیا و ژینگەی مێژوونوسان و پێگەی سیاسیان و بیرکردنەوە و وانیانیان بۆ هەڵمەتەکان جیاوازە بووە، کە لە بەشێک لە ڕووداوەکاندا هەوڵیان داوە کە حەق بە خۆیان بدەن و لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بدوێن.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

# The Methods historical writing At European historians In the Age Crusades

**Ahmed Radha Ahmed**

Department of History, College of Humanities Science, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region,Iraq.

E-mail: ahmed.mejw@uor.edu.krd

**Sozan Faisal Abdulrahman**

Department of History, College of Humanities Science, University of Raparin,Rania,Kurdistan Region,Iraq.

E-mail: sozan.ranya.history@gmail.com

**Abstract:**

The Eastern Islamic world was for a fairly long time under influence European campaigns one by one, which influenced the method of writing history at the Europeans in that era or later.

One of the most dramatic phenomena of the medieval phenomena of elite appearance.

It is noticeable that a group of great historians with views and analysis of historical events, especially in the period of the Crusades when Europeans were writing against Muslims, especially in Egypt and Levant. At the beginning of these campaigns appeared many famous historians, where their writings receive attention from researchers

In their writings, a large part of these events became the focus of the readers of generations that came after them.

In this research we tried to shed light on the approach and accuracy of the ideas and opinions of these historians in addition to the extent of their credibility or bias or neutrality as historians.

This research divided into several sections. The first section highlights the method of writing the history of Europeans during the crusade.

The second section deals with the methodology of writing history by European historians during the period of the first crusade to the fourth crusade. In the third section, the methodology of writing the history of European historians during the period of the fourth crusade was highlighted to the seventh

Crusade. In the fourth section, the method of writing history was highlighted by European historians during the period of the seventh crusade.

**Key Words:** Methods, Historians, Comparison,The literature.

## سەرچاوەکان


Fulucher of Charters, A history of the Expedition to Jerusalm (ed.H.Fink , Knox Vile 1969) .

Jainville&Villehardouin , Chronicale of the Crusades , U.S A: 1997 PP26-

William of Tyr , A History of the Deeds Done byond the Sea , Ed: Emily

Atwater and A.C Krey , Colombia University Press , 1943

Fulucher of Charters, A history of the Expedition to Jerusalm (ed.H.Fink , Knox –Vile 1969).

Jainville&Villehardouin , Chronicale of the Crusades , U.S A: 1997 .

Oliver or Padenborn , The Capture of Damietta, tr: J ohnJ.Gavigan , Philadelphia: 1948.

Jessalynn Bird & Edward Peters &James M.Powell, Crusade and Christendom Philadelphia: University of Pensylvania., 2003 , pp247-248;

Phlippe De Navarre &Gerard De Monreal. Gestas Des Chaprios(Recueil de CroniquesFrancaises) ,par: Gaston,Raynaud ,Paris: Genue 1887,

Molinier, A, LesSources De L'histoireDeFrance(DesOriginesAux GuerresD'ItalieParis :Orginally published,1903,Voll,

Michaud, bibliotheque des Croisades(chroniques des France , Paris : Chez A .J. Ducullet1829 , Premier partie ,

Paris.M,English History(from the year 1235 to 1273)Tr.Rev.J.AGils,D.C.L,London:EnryG.Bohn ,1853.

محمد العروسي المطوى، الحروب الصليبية في الشرق والغرب، ط٢، تونس: دار الغرب الإسلامى، ١٩٨٢م .




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

سامان حسين أحمد، "كاريگەری مێژووی ئەڵمانیاو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات..،" گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە٤، ٢٠١٣ز .

فوشيه الشارترى، الإستيطان الصليبى فى فلسطين(تاريخ الحملة إلى بيت المقدس)، تر: قاسم عبده قاسم، القاهرة: دارالشروق، ٢٠٠١م.

محمد خطيب، حضارة أوروبا فى العصور الوسطى، سورية: دار علاءالدين، ٢٠٠٦، ص٢٠٨ .

محمد حسين توفيق، عبدالأمير محمد أمين، شارستانییەتی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، و، مصطفى سعيد علی، چ٢، چوارچرا، ٢٠١٣ ز،

أميمة على عثمان، "أثر جزيرة صقلية فى نقل الحضارة العربية الإسلامية إلى أوروبا (فيالقرنينالسادس الهجري / الثاني عشر الميلادي) "، رسالة ماجستير (غير منشورة) كلية الآداب، جامعة الخرطوم.

سمالى، المؤرخون فى العصور الوسطى، تر: قاسم عبده قاسم، ط٢، القاهرة: دار المعارف ، ١٩٨٤م..

قاسم عبده قاسم، قرآءة التاريخ (تطور الفكر والمنهج )، الجيزة: عين للدراسات والبحوث الإنسانية، ٢٠١٣م.

قاسم عبده قاسم، الحملة الصلبية الأولى (نصوص والوثائق التاريخية)، د.م: عين للدراسات والوثائيق التاريخية، ٢٠٠١م.

عبدالله بن عبدالرحمن الربيعي، أثر الشرق الإسلامي في الفكر الأوربي خلال الحروب الصليبية رسالة ماجستير (منشورة)، كلية العلوم الإنسانية، جامعة الإمام، الرياض،١٩٩٤م.

جوزيف نسيم يوسف، العرب والروم واللاتين في الحرب الصليبية الأولى، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٨١م،

نظير حسان سعداوى، المؤرخون المعاصرون لصلاح الدين الأيوبى، د. م:مكتبة النهضة المصرية، ١٩٦٢م.

وليم الصورى، الحروب الصليبية، تر: حسن حبشى، القاهرة: مؤسسة الأهرام للنشر والتوضيح، ١٩٩٨م.

سهيل زكار، الموسوعة الشامية في التاريخ الحروب الصلبية، تواريخ أسرة بلانتغنت، دمشق: د.ط،١٩٩٨م،.

هارى إلمر بارنز، تاريخ الكتابة التاريخ،تر:محمد عبدالرحمن برج، م،القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩١٤م.

إسمت غنيم، الحملة الصليبية الرابعة (ومسئوليه انحرافها ضد القسطنطينية)، د.م: دار المعارف، ١٩٨٢م.

إبن خردانبة، أبي قاسم عبيدالله بن عبدالله، المسالک والممالک، ليدن: مطبعة بريل، ١٨٨٩م،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020

**الإدريسي، أبي عبدالله محمد بن محمد بن عبدالله: نزهة المشتاق في إختراق الآفاق،القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية، ٢٠٠٢م،**

**زكريا بن محمد بن محمود القزويني،آثار البلاد وأخبار العباد، بيروت: دار الصادر .**

**-محمود سعيد عمران، الحملة الصليبية الخامسة.**

**محمد مؤنس أحمد عوض، الرحالة الأوروبيون في مملكة بيت المقدس الصليبية (١١٠٩-١١٨٧ز)، القاهرة: د.ط، ١٩٩٢م،**

**فتحى عبدالعزيز محمد و أشرف صالح محمد سيد، الكنيسة و دورها في مملكة بيت المقدس الاتينية (١٠٩٩-١١٨٧ز)، الكويت: دار ناشر للنشر الإلكتروني، ٢٠١٣م.**

**يحى عبدالعزيز محمد و أشرف صالح محمد سيد، الكنيسة ودوروها، ص ط.**

**جوزيف نسيم يوسف، العدوان الصليبي على بلاد الشام (هزيمة لويس التاسع في الأراضي المقدسة )، ط٣، بيروت، دار النهظة العربية، ١٩٨١م.**

**محمد رفعت و محمد حسونة، معالم تاريخ العصور الوسطى، د.م: مطبعة مساهمة المصرية، ١٩٢٨م**



**DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.3, August.2020**